# بۆ هەر دایک و باوکێک

حەزو خواستی هەر دایكو باوكێك ئەوەیە، كوڕو كچەكانیان بەباشترین شێوەو لەچاكترین بارودۆخدا ببینن. بۆ ئەمەش هەر دایكو باوكێك ئەوپەڕی كۆششی خۆی دەكات بۆ ئەو مەبەستە، بەڵام دەشێت ئەو ئەوپەڕی كۆششە ئەوە نەبێت كە منداڵەكان پێویستیان پێیەتیو لەوانەیە چیمان لەدەست بێت بۆ منداڵەكانی خۆمانی بكەین، بەڵام ئەوە پڕاوپڕی پێداویستییەكانی ئەوان نەبێت. بۆیە گرنگ نییە ئێمە بەخشندەبین، بەڵكو گرنگتر ئەوەیە ئەوەی دەیبەخشین پڕكەرەوەی كەموكوڕییەكی منداڵەكانمان بێت یان تێركردنی پێداویستییەكی ڕاستەقینەی ئەوان بێت.

باوكێك زۆر لە مەراقی كوڕەكەیدا بوو، كە زمانی دەیگرتو سروشتی قسەی نەدەكردو هەمیشە لە كۆششی ئەوەدا بوو چارەسەرێك بۆ ئەو گرفتەی كۆڕەكەی بدۆزێتەوە. بۆیە لەگەڵ دایكی ناردی بۆ لای شارەزایەكی بواری قسەكردن، ئەنجامی ئەوە بۆ ماوەیەك چاكبوو، بەڵام پاش ماوەیەك گرفتەكە سەریهەڵدایەوە. باوكی بەناچاری پەیوەندیی بە پسپۆڕێكی تایبەتیەوە كرد، ئەویش لێی پرسین ڕەفتاریان لەگەڵ كوڕەكەدا چۆنە، لە وەڵامدا وتی زۆر باش هەڵسوكەوتی لەگەڵ دەكەن. ئینجا داوایان لێ كرا منداڵەكە بەرنە لای. كاتێك چوونە لای پسپۆڕەكە، بۆی دەركەوت باوكی زیاد لە پێویست خۆشیدەوێتو بەدەوریدا دێتو وەك كەسێكی گەورە ماڵەی لەگەڵ دەكات، بۆیە كوڕەكە بەوریاییو ترسەوە مامەڵەی لەگەڵ باوكی دەكردو زمانی زیاتر دەیگرت.

لێرەدا ئەگەرچی باوكەكە وا هەستدەكات میهرەبانە لەگەڵ كوڕەكەیداو خەمخۆرییەتیو ئەوپەڕی كۆششدەكات بۆ چاكبوونەوەی، بەڵام ئەوە لەیاددەكات كە دەبێت بەپێی تەمەنی منداڵی مامەڵە لەگەڵ كوڕەكەی بكاتو بارگرانی نەكات بە هەڵسوكەوتێك، كە هی گەورەكانە نەك منداڵان. تەمەنی منداڵی هی جیدیبوون نییە، بەڵكو هی پێكەنینو یاریكردنو كرانەوەیەو پێویستی بەوەیە بەو وشانە قسە لەگەڵ منداڵ بكرێت، كە گونجاوە بۆ تەمەنەكەی، نەك وشەی گەورەكان. هەروەها پێویستی بەوەیە جاروبار چاو لە هەڵەكانی بپۆشرێتو گەورەنەكرێن. ئەگەر دایكو باوكی ئەو كۆڕە بەپێی ئەم ڕێنماییانە بجوڵێنەوە، ئەوا بێگومان دەرفەتی چاكبوونەوەی كوڕەكە زیاتردەبێت.